# مەرجەعییەتی شیعە و فیدرالییەتی کورد

عەبدولڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی دێرینی دوور و نزیکمان بدەینەوە و تۆز و گەردی سالآنی مەینەتی و کەمتەرخەمی لەسەر لاپەڕە لەبیرکراوەکانی بتەکێنین ، زۆرینەی کێشە نهێنی و شاراوەکانی پشت پەردەی ئەم ڕۆژگارە و ئاسۆی تێگەیشتنمان بۆ ئایندە فرەوانتر دەبنەوە . زیاد لە سێ سەدەی ڕەبەق ، حەوزەی شاری پڕ شکۆی نەجەف ، تاکە مەرجەعییەتی سەرانسەریی تێکڕای شیعەکانی جیهانی ئیسلام بوو ، تەنانەت لە وڵاتانی وەک ئێران و عیراقدا کە ڕێژەی شیعە مەزهەبیان تیادا زیاد بوون ، پیاوانی ئایینیی سەر بەو مەرجەعییەتە لە سەرووی یاساوە لەلایەن ئەو دوو ڕژێمەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکران . هەر لەبەر ئەوەی خۆیان لە کێشە سیاسییەکان هەڵنەدەقورتاند و دوورەپەرێز لەو ڕووداوانە خۆیان ڕاگرتبوو ، لە وڵاتە ئیسلامییەکانی دەوروبەریشدا بە چاوی نەوازشەوە ، ڕێزیان لە بیروڕا و بۆچوونەکانیان دەگرت . قودسییەت و پیرۆزیی مەرجەعییەتی نەجەف ئەوەندە لە برەودا بوو ، تەنانەت ڕەزا شا لە ئێراندا کە دەسەڵاتی گرتە دەست ، پێشوەخت چوو بۆ زیارەتی نەجەف و دەستی ئایەتوڵلاکانی ئەوێی ماچ کرد و ملکەچیی خۆی بۆ ڕێبازی ئاییترای شیعەگەری دووپات کردەوە ، ئەوجا ئەوانیش موبارەکبایی شاهانەیان لێ کرد و پاشتر تاجی شاهەنشاهی لەسەر نا . ماوەیەک لە پێش کۆچی دوایی ئایەتوڵلای عوزما ( موحسین الحکیم ) ەوە لە شارە شکۆدارەکەی نەجەف ، بە چەشنی ( اخوان المسلمین ) ی حەسەن البنای ئاییترا سوننەی توندڕەوی میسرییەوە ، مەرجەعییەتی ( قوم ) لە ئێران بە مەبەستی زاخاودانی ئایین بە سیاسەتەوە ، لەگەڵ مەرجەعییەتی نەجەفدا لە ململانێ و کێبڕکێیەکی ئارام و هێمن و هێوردا بوو ، بەڵام تاوەکوو ئایەتوڵلا ( موحسین الحکیم ) لە ژیاندا مابوو ، کنە و هەوڵ و تەقەلاکەی قوم بێهوودە بوو . بە ماوەیەک لە پاش کۆچی دوایی ئایەتوڵلا الحکیم ، مەرجەعییەتی قوم لە ئێراندا بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو ، بە مەبەستی برەوپێدانی بیر و بۆچوونەکەی پێشووی خۆی لەمەڕ سیاسەتاندنی ئایینەوە ، سەرقاڵی پەیداکردنی هەواداران بوو، بەڵام ئەمجارەیان وەک جاری پێشوو هەوڵ و کۆششەکانیان بەفیڕۆ نەڕۆیی و لە نێو ئایەتەکانی ئێراندا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەس هێنا . پاشتر وەک مەرجەعییەتێکی سەربەخۆ شانبەشانی مەرجەعییەتی نەجەف ، ئەمیش پێناسەی تایبەتیی خۆی پەیدا کرد . وێڕای ئەم سەرکەوتنە بەرچاوییەی مەرجەعییتی قوم لە پێناسەکردنی خودی خۆیدا وەک مەرجەعییەتێکی سیاسی ، کە ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و حوکمی ولایەتی فەقیە بوو ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرینەی شیعەکانی جیهانی ئیسلامیی ئەو سەردەمە بە ئێرانیشەوە ، خۆیان بە موقەلیدی مەرجەعییەتی نەجەف دەزانی ، قوم هەمیشە بیروڕا و پرس و تەکبیری بە مەرجەعییەتی نەجەف دەکرد ، بە گیانی تەبایی و لەخۆبوردن و بەچاوی ڕێزەوە لێوەی دەڕوانی و نەجەفی بە دایکی ڕاستەقینەی مەرجەعییەتەکانی جیهانی ئیسلامی دادەنا و لە پەنا ئەودا و وەک باڵێکی ئەو مەرجەعییەتە لە نەشونما کردندا بوو . لە پاش هەراوهوریا و نیمچە کودەتاکەی ئێرانی ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و دوو ، ڕژێمی ئێران لە کەڵکەڵەی لە سێدارەدانی خومەینیدا بوو کە ئەو سەردەمە هێشتا نەگەیشتبووە پلەی ئایەتوڵلا . حەوزەی نەجەف بێدەنگی هەڵبژارد و هەڵوێستی بەرچاوی بەرامبەر بەو بڕیارە پیشان نەدا ، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد ، نەجەف دژ بە دەمتێوەردانی سیاسەتەوە بوو . بۆیە ئایەتوڵلای عوزما شەریعەتمەداری لە قومەوە خۆی گەیاندە تەهران و ئیمزای ئایاتەکانی ئەوێی کۆکردەوە بۆ پێناسەکردنی خومەینی وەک ئایەتوڵلایەک و ئەندامێکی کارای مەرجەعییەتی قوم . بەو کارەش خومەینیی لە پەتی سێدارە قورتار کرد ، چونکە وەک پێشتر باسمان لێوەی کرد ، ئەندامانی مەرجەعییەت لە ئێران و عیراقیشدا لە سەرووی یاساوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکران و ئێستاش هەر وایە . تا بە ناچار ڕژێمی ئەوسای ئێران ئایەتوڵلا خومەینیی بەرەو تورکیا دوور خستەوە ، لەوێشەوە خۆی گەیاندە شاری نەجەف . مەرجەعییەتی نەجەف نەک وەک ئایەتوڵلایەک بەڵکوو وەک مەلایەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ خومەینیدا کرد ، چونکوو مەرجەعییەتی نەجەف لەگەڵ بیروڕا و بۆچوونە ناچیزە سیاسییەکانی خومەینیدا یەکیان نەدەگرتەوە ، هەروەها نەجەف ئایینی لە پیرۆزیدا لە سەرووی سیاسەتەوە دادەنا . بە لای ئەمانەوە ئەوەی بۆ خودا و ئەوەی بۆ قەیسەر بوو ، لە دوو ئاست و پلەی جیاوازدا بوون . هەر وەک ئایەتوڵلا مونتەزەری دەڵێ: ئەگەر کەسێک ڕژێم بیچەوسێنێتەوە و زوڵمی لێ بکات بێگومان پەنا بۆ لای خودا دەبات ، ئەی ئەگەر ڕژێمێک لەژێر دروشمی ولایەتی فەقیە و بە ناوی خوداوە زوڵمی لە کەسێک کرد ، پەنا بۆ لای کێ بەرێ ؟ . ئایەتوڵلا الخوئیش لەگەڵ ئەوەدا نەبوو جبە و عەمامە و جلوبەرگی ئایینی بکرێتە کەرەسەی بەدەسهێنانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی ڕژێم و حوکم . چونکوو بەلای ئەوانەوە

دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە پێش دەرکەوتنی ئیمامی مەهدیدا مەحاڵە و لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکانی داماو و سادە بەولاوە هیچی دیکە ناگەیەنێ . لە پاش پیرۆزیی و سەرکەوتنی شۆڕشەکەی ئیمام خومەینیی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و نۆ لە ئێران ، گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە هەڵسوکەوت و بیر و بۆچوون و ڕەفتاری مەرجەعییەتەکاندا ڕووی دا . توندڕەوەکانی خەتی ئیمام خومەینی هەر کە دەسەلاتیان گرتە دەست ، دەسبەجێ کەوتنە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و بانگهێشەکردن بۆچەسپاندنی ئیسلامی سیاسی و خەڵکانیان لە دژی ڕژێمەکان هان دەدا . مەرجەعییەتی نەجەف بە ڕابەرایەتیی ئایتوڵڵای عوزما سەیید عەلی السستانیی ئێرانی نژادەوە ، لە سەر هەمان ڕێبازی مامۆستای پایەبەرزی پێشووی شیعەی جیهان ( ئایەتوڵڵا الخوئی ) و خۆی بە بەردەوامیی هەمان ڕێبازی مەرجەعییەتە ئاساییەکەی جاری جارانی ئایەتوڵڵا موحسین الحەکیم و شەهید موحەمەد سادق السەدر دەزانی . ئایەتوڵڵای شەهید موحەمەد باقر الحکیم ، لەژێر فشار و کاریگەریی بیری ئوسوولی و ڕادیکاڵانەی ڕەفسەنجانی و خەتە توندڕەوەکەی ئیمام خومەینیدا ، هەر کە گەڕایەوە بۆ عیراق ، لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو شێوە بزاڤە ئوسوولییە ، بۆ ئەو بارودۆخەی پاش ڕووخانی سەددام و هاوکات لەگەڵ بوونی ئەمریکادا لە ناوچەکە لەبار نییە ، تا بە ناچار ئەویش دەنگی خۆی نابەدڵانە خستە پاڵ دەنگی سەیید عەلی السستانی و پێکەوە هاوئاهەنگییەکیان لێ پێک هێنا ، بۆیە خەڵکانێکی شیعەی شارەزا تاوەکوو ئێستاش شەهیدبوونەکەی لە پیلانی ئێرانی ئیسلامیی بە دوور نازانن . بە هاتنی عەبدولعەزیزی برای و جێگرتنەوەی ئەو لە ڕابەرایەتیکردنی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی ئیسلامیی عیراقیدا و ، لەبەر نزمی پلەی وشیاریی سیاسی و لاوازیی کەسایەتییەکەی ، بارودۆخەکە ئاڵوزیی زیاتری بەخۆیەوە بینی ، ئەوەبوو لە گەرمەی دەسەلاتە هەرزەکارانەکەی موقتەدای سەدردا ، پەردەیان لە سەر ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵماڵی و پێکەوە بانگیان دەکرد : ( لا اله الا الله ، کوردستان عدو الله ) . ئەم هەڵوێستەی شیعە وا نەبێ زادەی بیری ئەمڕۆ بێت ، چۆن ئەمریکا لووتی تورکیای لە داواکردنی ولایەتی مووسڵ و نەوتی کەرکووکدا شکاند ، ئەگەر لووتی ئێرانیش بە هەمان شێوە نەشکێت ، دەستێوەردانی عیراق و کوردستان کۆتایی پێ نایەت . لە بیستەکانی سەدەی پێشوو و لە سەرەتای دامەزراندنی عیراقدا ، هەموو پارت و حیزبە عیراقییەکان لە کەلکەڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و کۆتایی پێهێنانی داگیرکردنی ئینگلیزدا بوون ، ڕابەری یەکەمی ئەو سەردەمەی مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف ( ئایەتوڵڵا حوسێن یەزدی ) ی ئێرانی نژاد ، بە ئاشکرا دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق ڕاوەستا و ڕاشکاوانە ئەوەی دەربڕی کە ئێران دایکی ڕاستەقینەی عیراقە و لە ماوەی پێشوودا عیراق بە لای ( دایەن ) ەوە بووە کە تورکیایە ، وەختێ کە دایەنیش نەما پێویستە منداڵەکە بگەڕێتەوە باوەشی دایکی ڕاستەقینەی خۆی کە ئێرانە . دەستێوەردانی کوردستان و عیراق لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی و بە قاجاری و ساسانییەکانیشەوە ، ئەمە وێڕای چاوچنۆکی و پەیدابوونی تەییاری عرووبی و بەعسی شۆڤێنیی تازە ئیجادی عەفلەقییەوە لە سووریا . لە نێو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و پاشەڕۆژە نادیارەی کوردەوە ، هەڵوێستی کەمتەرخەمئامێزانەی سەرانی کورد و بیر و بۆچوونی برێ ڕۆشنبیری بە زمان نەتەوەیی و بە نووسین و کردەوە و کردار پێشکەوتنخواز ، کە تاوەکوو ئێستاش نەیانتوانیوە لە بەند و داوی ئەو بیرە تەسک و گرژ و خەیاڵپڵاوە کۆسمۆپۆلیتییەکەی پێشوویان ، لە یەکگرتنەوەی چەوساوەکانی جیهان ، خۆیان قورتار بکەن . دەڵێی نە بایان دیوە و نە باران ، نە ئەنفال و نە کۆڕەو و نە کیمیاباران ، نە هەڵەبجە و نە ئەشکەنجەی زیندان و نە فرۆشتنی کوڕ و کچۆڵەی بادینان و گەرمیان ، ئێستاش خەو بە لاقرتێکردن لەگەڵ برای عەرەبی چاوڕەش و کێشە ڕزگاریخوازانەکەی گەلی فەلەستینی زڕبرایان و هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەواندا داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە دەکەن . ئایا ئەم برا کوردە ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخوازانەمان لەو ڕاستییە گەیشتوون ، کە ئەگەر نەخوازەڵا ئەمریکا لە عیراق و کوردستان ، خۆی بکێشێتەوە ، کورد دەکەوێتە نێوان چەند بەرداشەوە و لە چەند لاوە دەهێنجندرێ ؟ . وا بزانم ئەم برا ڕۆشنبیرانەمان لە پێناو ڕاستکردنەوەی ئەو بیردۆزە مارکسییانەی کە ساڵەهای ساڵە خۆیانی لەسەر گۆش دەکەن ، هەر بۆ ئەوەی بیردۆزەکە بە ڕاست بکەوێتەوە ، ئەگەر سەرلەبەری کێشەی کورد هەرەس بهێنێ ، هەر بەو مەرجەی بتوانن ئیپریالیزمی ئەمریکا تێک بشکێنن ، مادام بە قازانجی چینی چەوساوەی پڕۆلیتاریا دەکەوێتەوە ، بە گەورەترین دەسکەوتی سەردەمی دادەنێن . ئەگەر سیاسەت هونەری مومکینات بێ وەک دەڵین ، ئەوا بە درێژایی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی نەتەوەکەمان ، بارودۆخی گونجاو و لەباری وەک ئەم سەردەمەی ئێستامان بۆ نەڕەخساوە . هەر هەلێکی لەباریش ئەگەر لە کات و شوێنی پێویست و گونجاوی خۆیدا نەقۆزرایەوە ، سەرلەبەری کێشەکە بە موفت لە دەست دەردەچێ و تێکڕای پڕۆژەکەش بە مردوویی لەدایک دەبێ . باشترین بەڵگەیەکی زیندووی مێژوویی بەرچاویش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ، لەباربردنی پەیماننامە مێژینەکەی ( سیڤەر ) ە کە سیاسەتمەدارە کوردەکانی ئەو سەردەمە بە وێنەی ئێستای سەرانی پارتی و یەکێتی ، چونکوو لە ئاستی گۆڕانکاری و

ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا نەبوون و ، لە دەرەوەی کێش و جازبییەتی سیاسیی ئەو ڕۆژگارانەدا مەلەیان دەکرد ، لەولاشەوە لە پێناو دابینکردن و پاراستنی دەسکەوتی کاتی و بەرژەوەندیی تایبەتی و بیری تەسکی حیزبایەتی و نەبوونی شەفافییەت لە نێوان سیاسەتمەداران و خەڵکە هەڕەمەکییەکەدا و ، لەبەر ئەوەی هەر تەلەی لە ئاوازێک و ، ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێکی دیکەدا دەخولانەوە ،ئەو پارووە چەورەیان بۆ قووت نەدرا و ئەو هەڵکەوتە مێژووییەیان بۆ نەقۆزرایەوە . دەرەنجام سەرپاکی کێشەکانیان بە لەدایکبوونی پەیماننامە شوومەکەی ( لۆزان ) دۆڕاند ،کوردەکەش وەک دەواری شڕی بەر ڕەشەبای چلەی زستانی لێ بەسەرد ا هات . پارتی و یەکێتی ، مام جەلال و کاک مەسعوود کە لێپرسراوی یەکەمی هەر تەرزە ماڵوێرانییەکن کە بەسەر کورددا بێت ،ئەگەر ئەم هەلە لەبار و ڕەخساوەی ئێستا ،بە گیانێکی برایانەی بەرزی کوردایەتی و دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی و بیری تەسکی حیزبایەتییەوە نەقۆزنەوە ،بێگومان دەبنەوە بە مایەی هەرەسهێنانێک ،نەک لە چەشنی هەرەسەکەی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و پێنج کە تەنیا باشووری کوردستانی گرتەوە ، بەڵکوو هەرەسهێنانێکی ئەوتۆ کە سەرتاپای کوردستانی گەورە داگرێتەوە . چونکوو ئێستا ئێمەی کورد بمانەوێ و نەمانەوێ ،پێی بزانین یا پێی نەزانین ، وشیارانە یان خۆمانی لێ گێل بکەین ، هەر هەڵوێستێکی برابچووکانە و خۆ بە کەمزانین بەرامبەر برای تورک و عەرەب و فارس بنوێنین یان نەینوێنین ، کاژێکی شۆڤێنی بین یان ئومەمیی مرۆڤدۆست . کورد بە لێپرسراوی یەکەم دەژمێردرێ لەو لەشکر کێشییەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر ناوچەکە کردوویانە . ئایا بە بەرچاوی خۆتانەوە نابینن ڕژێمی درندەی سوریا چ شەڕێک بە کوردی قامیشلی دەفرۆشێ ؟ . بە دڵمان بێ یان نەوەدڵ ، ئێمەی کورد لە سۆنگەی بیری هەر عەرەب و فارس و تورکێکی ڕەگەزپەرستەوە و بە هەموو مانایەک ،بە ئیسرائیلی دووەم لە دەڤەرەکەدا لە قەڵەم دراوین. ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ لە سەرووی هەموو ئیعتیبار و حیساباتێکمانەوە ڕەچاو بکرێت و لە هەموو بیر و بۆچوون و هەڵوێست و جموجوڵ و گۆرانکارییەکی سیاسیماندا لەبەرچاو بگیرێ . ئەگەر نا ئەوە بە دەستی خۆمان بەرە لەژێر پێی خۆمان ڕادەکێشین . دووبەرەکیی نێوان پارتی و یەکێتی ، یان ئەگەر ڕاستتر بیڵێین دووبەرەکیی نێوان پێشەوا مەلا مستەفای بارزانی و بەرەی مامۆستا برایم ئەحمەد _ مام جەلال تاڵەبانی ، کە ئێستا بە میراتی بۆ یەکێتی نیشتیمانی ماوەتەوە ، نە لە دوور و نە لە نزیکەوە بە هیچ کلۆج و پێودانێک ، شەڕ و ململانێ و پێدادانی نێوان دوو ئایدییای جیاواز و شەڕی دوو بیر و بۆچوونی جودا نەبووە ، تەنانەت شەڕی نێوان بەرەی چەپی پێشکەوتنخواز و بەرەیەکی ڕاستڕەوی خێڵەکیشدا نەبووە وەک ئەوەی برێ لە ڕۆشنبیری حیزبیی هەلپەرست و قەڵەمفرۆش بە زۆرەملێ دەیانەوێ پێناسەی بکەن . بەڵگەشم بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە زۆرن و ئەگەر باسکردن و لێوەدوانیان کولانەوەی کۆنە برین و بۆنی دووبەرەکیی لێوە نەهاتبایە ، ئەوا بە خەرمان هەڵمدەڕشتن . بێ پێچوپەنا شەڕ و دووبەرەکیی نێوان پارتی و یەکێتی ، شەڕ و ململانێی ئایدیۆلۆجییەتە جیاوازەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر بووە و بە ئێمەیان ئەنجام داوە ، بۆیە تا ئێستاش هەر بە قازانجی ئەوان کەوتووەتەوە . سەرانی کورد تاوەکوو ئێستاش هەر وەکوو جاری جاران ماشە و مەقاشی دەستی داگیرکەرانی کوردستانن و هەموو هەنگاوێکیشیان بۆ قازانج و ئافەرین و ڕەزامەندیی دڵی ئەوانە . ئەمە هەڵوێستێکە و پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە ، چونکوو ئێمە جاشایەتی و خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا هەمیشە لە خوێنماندا دەخرۆشێ و ، ئەگەر بوومەلەرزە و هەژانێکی سەرانسەری لە شێوەی بیرکردنەوە و چۆنێتی هزر و بیری ناخماندا ڕوو نەدات ، هەروا بە ئاسانی و بە سەرپێیی ئەو خوێنە پیسەی لێ پاک نابێتەوە . لە پێش هەڵبژاردنەکاندا و لە کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەی سەلاحەددینی نێوان پارتی و یەکێتی و بە ئامادەبوونی مام جەلال و کاک مەسعوود ، بەڵێن و جەختیان لەسەر یەکێتی ماڵی کورد و یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتی هەولێر و سلێمانی دووپات کردەوە ، بەڵام دەرەنجامەکەی لە دابەشکردنی پارە و دەسەڵات بەولاوە هیچی دیکەی لێ دەرنەچوو . جارێ باسکردنی وەزارەتی دارایی ، ئەوەیان چونکوو بەرژەوەندیی تایبەتی و مەسەلەی گیرفان و بەرباخەڵ و کۆنتۆی سەران و دارودەستەکانیان دەخاتە مەترسییەوە ، پێشوەخت ئەویان فت ، چونکوو بڤەیە و نابێ دەستی تێوە بدرێ . وەزارەتی پێشمەرگەش هەر بۆ ئەوەی دووبەرەکییەکە بەردەوامی هەبێت و بۆ دڵنەواییکردنی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، لەوانەیە باس لێوەکردنیان بگاتە پلەی خیانەتی عوزما و ئەمنییەتی بەرزی نەتەوەیی کوردی سەردەم و خۆشگوزەرانیی نەوەی پاشەڕۆژمان دەخاتە مەترسییەوە ، ئەی گوایە بەخێرێت دەتانەوێ لە چی ئاستێکدا یەک بگرنەوە ؟ پیاو بۆ خوا بڵێ و با قسەیەکیش بۆ دز بکەین ، بەوپەڕی گیانی تەبایی و برایەتی و لەخۆبوردنەوە ، وەزارەتی کاروباری شۆڤڵ و تەراکتۆرەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بە هەستێکی بێگەرد و نەبەردانەی کوردایەتی و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا یەکیان گرتەوە و ، ئێستا بە کاوی دڵی خۆیان لە نێوحەیارەی پەڵە قەرسیلێکدا لێی دەلەوەڕێن . پارتی و یەکێتی بۆ ڕەزامەندیی تورکیا و ئێران، عەرەبە هاوردەکانی شارۆچکەی بەشیری نزیکی

کەرکووکیان دەرپەڕاند و تورکمانە شیعە ڕاگوێزراوەکانی سەردەمی سەددامیان لە جێگای پێشووی خۆیان نیشتەجێ کردەوە ! . بەم کارەش کە هەر لە خۆیان جوانە ، دوو چۆلەکەیان بە بەردێ پێکا ، هەم شیعە و هەم تورکمان ، هەم دڵی تورکیا و هەم دڵی ئێرانیان بە نواندنی ئەو دیبلۆماسییەتە کوردییە سەدەمە پێ دایەوە ، من بەش بەحاڵی خۆم دەسخۆشیان لێ دەکەم ، دیارە تازە فێری ڕاپەڕاندنی کاری دیبلۆماسییانە بوون و نەک ئەنجامەکەی خراپ بکەوێتەوە ، جارێ نەیانویستووە لەسەر کوردەکەی لای خۆمان تاقیکردنەوەی لەسەر بکەن . باشە ئەگەر هەر بە هەمان شێوە عەرەبە هاوردەکانی کەرکووکتان دەرپەڕاندایە و کوردە ڕاگوێزراوەکانتان لە جێگاکەی پێشووی خۆیان نیشتەجێ بکردایەتەوە ئەمریکا کوێتانی دەگرت ؟ . باشە پێم ناڵێن تا بە کەی دەتانەوێ ماڵ لە خانەخوێ حەرام بکرێ ؟ ئەی دروشمەکانی کەرکووک دڵی کوردستان و قودسی کوردستان و پایەتەختی کوردستان لە کوێ ما ؟ . ئێستایەک کە حکومەتی عیراق لاوازە ئەگەر دەستی خۆتانی لێ نەوەشێنن ، پاشەڕۆژ هەر کە هەناسەیەکی قووڵی بە بەردا بێتەوە و دەستی کوتەکی گرتەوە ، تەنیا بە قووڵکردنەوەی بنەما و بنچینەی ئەو دیوارە ڕق و کینە و دووبەرەکییەی نێوانتان ، هەموو شتێکتان لە دەست دەردەکەنەوە و بە دەردێکتان دەبەن نەک ناوی کەرکووک ، تەنانەت ناوی کورد و کوردستانیشتان بە ئاسانی پێ لەبیر دەبەنەوە ؟ . باشە ئێستا لە سای سەری ئەمریکاوە لە کوردستاندا تا ڕاددەیەک ژیانی دیمۆکراتییەت بەرقەرارە ، خۆ ساڵێکی دیکە سەرلەنوێ مەسەلەی هەڵبژاردن سەر هەڵدەداتەوە ، ئەی باشە ئەو کاتە لەسەر چی بنەمایەک و بە چی ڕوویەکەوە داوا لە کوردەکە دەکەنەوە کە دەنگتان پێ بدەنەوە ؟ . بڕوا بکەن ئەگەر کەرکووک و شار و شارۆچکەکانی دیکە لە ماوەی ئەم ساڵەدا نەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ، میللەتی کورد ئەگەر دەنگ بە ئایەتوڵلا خەڵخاڵی و ئاغای مەتەری بدات ، دەنگ بە ئێوە ناداتەوە . هێشتا هیچ رووی نەداوە دەبینین شاندی تورکی و ئێرانی بە جیا ، جارێک بۆ لای مامە و جارێک بۆ لای کاکە ، لەژێر ناوی بازرگانی و بڕوبیانووی جۆربەجۆردا ، بارگەی پڕ گومانیان بە نۆرە ، جارێک لە سەلاحەددین و جارێکی دیکە لە قەلاچوالان لێ دەخەن . شاندی تورکیا و ئێران بە مەبەستی فرۆشتنی فستق و باسووق و کشمیش و ئاوتەماتەی ئاڵتوونساوە بۆ کوردستان نایەن ، بەڵکوو بە مەبەستی کنەکردن و وەرگرتنی گفتی ژێر زمانتان و کولانەوەی کۆنە برینی زەمانی دووبەرەکییەوە ئەو گەشتانە دەکەن . من نازانم دوو سێ میتی تورکی بە هەر مەبەستێکەوە بێ ، کە دێن بۆ کوردستان ، بۆ دەبێ لەلایەن مام جەلالەوە پێشوازییان لێوە بکرێ ؟ . پێشەوا مەلا مستەفای بارزانی پێشوازیی لە کەمال جومبولات و هەنری کیسنجەر و دانا ئادەمز شمدت و ڕینیە مۆرییس و سەرۆکە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق و عەبدولڕەحمان بەزاز و تاهیر یەحیا دەکرد . پێویستە مام جەلال پێشوازی لە عەبدوڵلا گویل و ئەردۆغان و خاتەمی بکات نەک لە میت و پاسداران ! . هەرچەندە من تاوەکوو ئێستاش بە گومانم لەوەی کە مام جەلال بە سەرۆکایەتیکردنی عیراق قایل بێت ، یان پێی خۆش بێت . لەگەڵ ئەوەشدا من وەکوو کوردێک چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ڕۆشنبیریشەوە مام جەلال لە زۆوربەی سەرکردە عەرەبەکان بە لێوەشاوەتری دەزانم . بەڵام بەڕێزی چونکوو لە ڕووی دیکتاتۆرییەتەوە فێری ئەوە بووە کە تەنانەت سۆبەکانی قیسمی داخیلیی قوتابییانیش دەبێ هەر بە دەستی خۆی دابەش بکات ، بۆیە لەو بڕوایەدا نیم مامە بەو تووڕەیی و توندەمەزهەبییەوە لەگەڵ ئەو عەرەبانەدا هەڵبکات . خۆ لەوانەشە مامە لەگەڵ عەرەبەکاندا وا نەبێ و هەر لەگەڵ کوردەکەدا دانوولەی باش نەکولێ . ئیبراهیم جەعفەری جارێ بە ناخێری نەبووە بە سەرەک وەزیرانی عیراق ، هەر لە ئێستاوە وەک پاڵپشتێک لاقرتێ لەگەڵ تورکیا و سوریا و ئێراندا دەکات ، بە مەبەستی وەستانەوە لە دژی هەر داخوازییەک کە کورد مەبەستی بێ ، لەولاشەوە ڕێنمایی موقتەدای سەدری حەڵقە لەگوێی ڕەفسەنجانی دەکات بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەرەی تورکمانیی سەر بە میتی تورکی و ئەنجوومەنی مەلایانی ئەهلی سوننەی فەلووجە و کۆنە بەعسییەکان . هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دەعوەی ئیبراهیم جەعفەرییەوە تاوەکو ئێستاش ، بۆ خوێچەش وشەی کوردستان لە هیچ ڕاگەیاندن و نووسین و بڵاوکراوەیەکیاندا بە دی ناکرێ ، خۆشەویستییەکەیان لە ئاستێکدایە لەبری وشەی کوردستان ئێستاش ڕاشکاوانە وشەی ( شمال العراق ) بەکار دێنن . من سەیرم لەجۆری بیرکردنەوەی سەرانی کورد دێت، لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی وەک جەعفەریدا باس لە کێشەی کەرکووکەوە دەکەن ، لە کاتێکدا ئەو دان بە وڵاتێکدا نانێ کە ناوی کوردستان بێ . هەر ئەم جەعفەرییە لە گەرمەی بۆردومانەکەی شاری سنەی قارەمانی سەردەمی خومەینیدا ، لە ڕاگەیاندنێکیاندا کە لە تەهران بڵاوکرایەوە ، ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە دابوو کە کورد لە بنەڕەتدا لە نەوەی جنۆکەن ، سەیید عەلی خامنەئی کە ئەو کاتە سەرەک کۆمار بوو ، هەر کە پێی زانی بە پەلە ئەو ڕاگەیاندننامانەی کۆ کردەوە . سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووک و زۆرێک لە مەسەلەکانی دیکەش هەرچەندە دەیانەوێ بە زمانێکی لووسی دیبلۆماسییانەوە بدوێن بەڵام لەگەڵ تورکیا و بەرەی تورکمانیدا هاودەنگن لەوەی کە نابێ هیچ دەستێوەردانێک لە کەرکووکدا ڕووبدات تاوەکوو هەموو گەلی عیراق بڕیاری لەسەر نەدەن . ئەم سەگ و گورگانە بە دانانی نەخشە و پلان و گۆڕینەوەی پرس و بیروڕا لەگەڵ یەکدیدا دەس بە کارن و لە بارودۆخ و هەلێکی گونجاو دەگەڕێن،

کاریگەرانە دەستی خۆیانی تێدا بوەشێنن . سەرانی کوردیش لەولاوە بە ئافەرین و بەە بەە و بارەکەڵایەکی تورکیا و ئێران و سوریا و ، لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتە حیزبییەکەی خۆیاندا ، ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە دەسبەرداری هەموو مافێکی ڕەوا و دادپەروەرانەی گەلەکەمان بن بە کەرکووکیشەوە . لە حەفتاکاندا پێشەوا بارزانی کە ڕووبەڕووی دژوارترین بارودۆخی سیاسی بووبووەوە ، ئامادە بوو دەس لە شۆڕشە چەکدارییەکەی هەڵبگرێ کە تاکە هیوایەکی بوو ، بەڵام ئامادە نەبوو دەسبەرداری کەرکووک یان هەر بستێکی خاکی پیرۆزی کوردستان بێت . ئێستاش لە بیرمە لە نەوەدەکاندا کاتێک کاک مەسعوود چوو بۆ بەغدا و زۆرێکی پێچوو و هەر نەگەڕایەوە ، یەکێ دەیوت لەوانەیە دەسبەسەر کرابێت ، یەکێ دەیوت نا لەوانەیە کوژرابێت . هەر کە گەڕاشەوە زۆر بە ڕاشکاوییەوە لە لێدوانێکدا کە بە فیلمی ڤیدیۆ دەقەکەیم لەلایە دەیفەرموو : سەددام حوسێن لەگەڵماندا زۆر ئیجابی بوو ، لەسەر هەموو مەسەلەکانیش ڕێک کەوتووین و بیروڕاشمان یەک بوون ، برێ کێشەی بچووک ماونەتەوە وەک مەسەلەی کەرکووک ، ئەوانەش لە پاشەڕۆژدا قسەی لەسەر دەکەین ! . لەولاشەوە خۆ ئەگەر بمانەوێ هەڵوێست و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و وتە بە نرخەکانی جەنابی مام جەلال هەڵسەنگێنین و لە مۆزەخانەیەکی کوردستاندا کۆیان بکەینەوە،ئەوا چی ئاوی زێڕی کوردستان هەیە ، لەبن دێت و تەرازووی وتەکانی مامە هەر لاسەنگ دەمێنێتەوە . ئیتر هەر لە دابەشکردنی زەوی و زاری کۆیە بەسەر بەرەی تورکمانییەوە بیگرە تا دەگاتە فرۆشتنی عەلوەکەی سلێمانی و زیارەتە تاکڕەوەکانی بۆ تورکیا و ئێران ، بە تایبەتیش ئەو وتە بەنرخەی کە سەددامی بە حەکەم دادەنا نەک خەسم . مرۆڤ نازانێ پاداشتی ئەو هەموو قارەمانی و هەڵوێستی نەبەردانە و پاڵەوانییە بێ وێنانەی ئەم سەرکردانەمان چۆن و بە چی شێوەیەک بداتەوە ؟ ئێمەی کوردی نەزان مەگەر هەر بە تەمای ئەوە بین ، کە دەستەودامان لە خودا بپاڕێینەوە کە بە گەورەییەکەی خۆی و بە چاوی بەزەییەوە تێمان بڕوانێت و بە کردەوەی سەرانی کوردمان لەگەڵدا نەکات و ، بە نەزانییەکەی خۆمانمان ببەخشێ و هەر وەک هەمیشە داواکارین کە ئاشەکەمان بە مەرحەمەتی خۆی بۆمانی بگێڕێ . ستۆکهۆڵم **2005 03 01**